# گرفتەکانمان نەبوونی ڕاهێنەر و ئەنجام نەدانی یەکەی مەشقی بەردەوامە

لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٤ی شارۆچکەی دوکانە، یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی یارییە سیانییەکان (مەلە و ڕاکردن و پاسکیل سواری) لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی و عێراق و کوردستان چەندین میدالیا و ئەنجامی بەرچاوی بەدەست هێناوە، ئێستاش یاریزانی یانەی دووکان و هەڵبژاردەی عێراقە. ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.

***ئاستی یارییە سیانییەکان لەکوردستان چۆن دەبینی؟**

-ئاستێکی باشی هەیە ئەم یارییە لە کوردستان بە تایبەتی لە شارۆچکەی دووکان بەهۆی نزیکی دەریاچەی دوکانە، یانەکەمان گرنگی زۆری پێدەدەن، لەکوردستان ئاستی باشترە لە چاو شوێنەکانی تر.

*** بە بۆچوونی تۆ چی بکرێت باشە بۆبەرەوپێشچوونی ئەم یارییە؟**

- دابینکردنی سەربازگەی مەشقی بەردەوام و دابینکردنی ڕاهێنەرێکی بیانی بۆئەوەی بتوانین ئاستی



خۆمان بەرز کەینەوە و هەردوو ئاڵای کوردستان و عێراق بەیەکەوە بەرز کەینەوە .

***کێشەو گرفتان لەم یارییە چییە؟**

-کێشەو گرفتەکانمان نەبوونی ڕاهێنەر و ئەنجام نەدانی یەکەی مەشقی بەردەوام، چونکە مەشقەکانمان زۆر خراپە، وەکو پێوست نییە ئەمانەش کێشەن بۆئێمە.

***تا ئێستا هیچ یانەیەك داوای لێکردوی یاری بۆبکەی؟**

-بەڵێ چەندین یانە داوایان لێکردوم بۆئەوەی یاریان بۆیەکەم، وەکو یانەکانی سیروانی نوێ و نەورۆز و پێشمەرگەی سلێمانی، بەڵام چونکە لە یانەی دووکان پێگەیشتووم و خەڵك منیان لە یانەی دووکان ناسیوە، بۆیە ناتوانم دەستبەرداری یانەکەم بم.

***باشترین ئەنجامەکانت لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق؟**

-لە وڵاتی سوریا پلەی چوارەممان بەدەست هێنا و لە وڵاتی میسریش لەناو ٢٢ وڵات توانیم مەدالیای برۆنز بەدەست بهێنم.

***هیواو ئاواتت وەکو یاریزانێك؟**

-بتوانم ببمە پاڵەوانێك لەوڵاتانی دەرەوە ئاڵای کوردستان و عێراق بەرز کەمەوە. بەهیوام بتوانم میدالیایەکی زێڕیش بەدەست بهێنم.

***پێت باش نییە قوتابخانەیەکی پێگەیاندنی یاریزانانی یارییە سیانییەکان بکرێتەوە لە کوردستان؟**

-پێم باشە یاریزان لەم یارییە ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیاد بوون بێت، ئەگەر قوتابخانەیەك بکرێتەوە، پێشبینی دەکەم ئاستی وەرزشی ئەم یارییە زۆر بەرەو پێش دەچێت.

***دەستەی کارگێڕی یانەی دووکان چۆن هاوکاریتان دەکەن؟**

-سوپاسیان دەکەم هاوکاری بێوێنەمان و بەهەموو جۆرێك پشتگیریمان دەکەن.

***پەیامت چییە بۆئەو خێزانانەی کە ڕێگری لە کچەکانیان دەکەن لەوەرزش کردنیان؟**

-دژی ڕێگریکردنی خانەوادەکانم، بەش بەحاڵی خۆم لێرەوە سوپاسی دایك و باوکم دەکەم کەوا زۆر پشتگیرم دەکەن، بەهیوام دایك و باوکانیش بەخۆیان دا بچنەوە و پشتگیری لە مندالەکانیان بکەن.

***چی بەو کچانە دەڵێی کە وەرزش ناکەن؟**

-بەهیوای ئەوەم ئەوانەی وەرزش ناکەن تاوەکو زووە بگەڕێنەوە نێو وەرزشکردن بۆئەوەی لەشێکی ساغ و تەندروستێکی باشیان هەبێت.

*** لە کۆتاییدا چیت ماوە بۆ گۆڤاری گوڵان؟**

-زۆر سوپاسی ماندوبوونتان دەکەم کە لەشاری هەولێرەوە ئەرکتان کێشاوە هاتوونە یانەی دووکان بەسەر دەکەنەوە، بەهیوای ئەوەم ڕاگەیاندنەکانی تریش وەکو ئێوە تەواوی یانەکانی کوردستان بەسەرکاتەوە.



سێوە جەلال یاریزانی یانەی نەورۆز

# وەرزشی ئافرەتان لە کوردستان ئاستی زۆر خراپە

**سـێوە جەلال یەکێکە لــە یاریزانە بەتواناکانی یانەی نەورۆز لەیاری پاسـکیل سواری، توانی لەماوەی ساڵێکدا جێگەی خۆی لە تیپی پایسکلسواری نەورۆز بکاتــەوە، لە هەمان کاتدا یاریزانی یارییە ســیانییەکانە، ئەم یارییە یارییەکی ئەســتەمە بە تایبەتی بۆ ئافرەتان و پێویســتی بــە هێزێکی زۆر هەیە، بە پێویستمان لە نزیکەوە دیمانەیەك لەگەڵ سێوە جەلال ئەنجام بدەین.**

*** چۆن دەڕوانیتە ئاستی یاری پاسکیل سواری لە کوردستان؟**

- ئەوەی راســتی بێت وەرزش بە گشتی لە کوردستان کەمتەرخەمی زۆرە، بەڵام تیپی پاســکیل ســواری نەورۆز هەموو شــتێکمان بۆ دابین دەکات و درێغیمان لەگەڵ ناکات.

***ئاستی وەرزشی ئافرەتان لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- بە داخەوە وەرزشی ئافرەتان لە کوردستان ئاستی زۆر خراپە و یاریزانی ئافرەت زۆر کەمە و یانەکان بایەخ بە وەرزشی ئافرەتان نادەن و یەکێتیە وەرزشییەکان بەهیچ شێوەیەك بایەخیان پێنادەن.

*** هۆکاری کەمی کچە وەرزشوان لە کوردستان بۆ چ دەگەڕێتەوە؟**

- هــۆکاری ســەرەکی بۆ دایك و بــاوك دەگەڕێتەوە، کــە ڕێگە بە کچەکانیــان نــادەن وەرزش بکەن و هەروەها یانەکان پشــتگیری کچە وەرزشــوانەکان ناکەن لەلایەنی داراییەوە، ئەمانە هۆکاری کەمی کچە وەرزشوانە لە کوردستان.

*** چۆن خۆتان بۆ پاڵەوانیەتی عەرەب ئامادە کردووە؟**

- وا بڕیارە کچانی نەورۆز بەشــداری لە پاڵەوانیەتی عەرەب بکەن لە یاری پیسکیل سواری لە جەزائیر و تونس لە مانگی ٩ و ١٠ ئەنجام دەدرێت، ئێمە بەباشی خۆمان بۆ ئەم پاڵەوانیەتیە ئامادە کردووە و هیواداریین بتوانین ئەنجامێکی باش بەدەست بهێنین بۆ ئەوەی ناوی کوردستان لەمجۆرە پاڵەوانیەتیانە بەرزبکەینەوە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- زۆر سوپاســی یانەی نەورۆز دەکەم، کە هەموو شــتێکی بۆ ئێمە دابین کردووە و هیوادارم زیاتر بایەخ بە وەرزشــی ئافرەتان بدرێت بۆ ئەوەی ئاستی وەرزشــی ئافرەتان پێش بکەوێت، چونکە ئافرەتی کورد هیچ شتێکی لەگەڵ ئافرەتانی وڵاتانی دراوسێ کەمتر نییە.


بەرپرسی فایلی وەرزش: [illegible]
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە
Mob: [illegible]
Email: sport@gulan-media.com

# پێوەندییەکی سەرکەوتوو لـ

**لە سالانی پێشوو مانگی ڕەمەزان قسەو باسێکی زۆری لەسەر دەکرا، بەتایبەتی لە کیشوەری ئەورووپا تا یاریزانەکان لە کەش و هەواکە ڕابێن و ئەویش بەهۆی ئەو مەشقە قورسەی کە یاریزانان لە یانەکان ئەنجامی دەدەن، ئەمساڵ لەسەرەتای دەستپێکردنی**





## ئاستەنگی زۆر

سەرەڕای گرانی ڕاهاتن لە کەشوهەوای مانگی ڕەمەزان، یاریزانی هێرشبەری مالی لە یانەی سیڤیلیای ئیسپانی فریدریك کانوتی دەڵێ: هیچ کاتێك ڕەمەزان کاری لە من نەکردووە و بە بەردەوامی بە ڕۆژ دەبم، هەروەها وتی لە وەرزی ڕابردوو لە یاری لەگەڵ یانەی ئۆساسۆنا توانیم گۆڵێك تۆمار بکەم و ئاستێکی بەرزیشم نیشاندا و بە بەردەوامی هەوڵ دەدەم برادەران و جەماوەریش شەرمەزار نەکەم و ئەوانیش بە باشی لەمن دەگەن.

لەلایەکی دیکەوە یاریزانی مالی مامادۆ دیارا یاریزانی پیشەگەری ریال مەدریدی ئیسپانیا سەبارەت بەم مانگە دەڵێ: بەڕۆژوو بوون بۆ یاریزان لەمانگی ڕەمەزان زەحمەتە، بەڵام من لە کەشوهەواکە ڕاهاتووم و ڕاهێنەرانیش ڕێزم لێدەگرن، ڕاستە یاریکردن پێویستی بەخواردنی زۆر هەیە، بەڵام دەبێ بۆ ماوەی تەنیا یەك مانگ ئارام بگرین. لەلایەکی دیکەوە کاپتنی هەڵبژاردەی جەزائیر و یانەی بۆخۆمی ئەڵمانی عەنتەر یەحیا باسی لەو کێشانە کرد کە تووشی یاریزانی بەڕۆژوو دەبێت، ساڵی ڕابردوو دژی هەڵبژاردەی زامبای یارییمان کرد و دوای ئەوەی کاتژمێر(٧)ی شەو ڕۆژوومان شکاند و کاتژمێر(١,٠٠)ی شەو یارییمان کرد کەشتێکی زۆر زەحمەت بوو، بەڵام باوەڕ بەخۆمان و ئیمانمان توانیمان سەرکەوتوو بین.

## نموونەی جۆراوجۆر


زۆر نموونە هەن کە یانەکان هاوکاری یاریزانەکان دەکەن لە کاتی بەڕۆژ و بوون لە مانگی ڕەمەزان لەوانە یانەی یاندهۆڤن بەرنامەیەکی تەواوی خواردنی بۆ یاریزان ئیبراهیم ئەفلای و عوسمان بەقاڵ و نورەدین ئەمرات دانا کە ببێتە یارمەتیدەرێك بۆ یاریزانان لەکاتی مەشقیان، هەر لە هۆڵەندە و هاوکاریکردن لە مانگی رمەزان بۆ یاریزانان بەردەوامە، لە یانەی ئەیاکسی ئەمستردام هەردوو یاریزانی مەغریبی ئیسماعیل عیساتی و یوسف محەمەد هیچ کێشەیەکیان نییە و لە مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو دەبن، لە هەفتەی ڕابردوو توانیان بە ئەنجامی (٣-٠) گۆڵ لە یانەی رودکیرکراوە ببەنەوە و هەر یەکەیان گۆڵێکیش تۆمار بکەن، لە ئەڵمانیاش بەڕۆژوو بوونی



# ـه نێوان تۆپی پێ و مانگی ڕەمەزان

مانگی ڕەمەزان دووبارە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کەوتنە خۆیان و باسیان لەوەکرد کە یاریزانان ناتوانن بە ڕۆژوو بن، ماڵپەڕی فیفا بە چەند نموونەیەك تیشکی خستە سەر کەشوهەوا و ڕاهاتن لەسەر ڕۆژوو گرتن و نان و ئاو نەخواردنەوە بۆ ماوەیەکی درێژ.




هەروو یاریزانی مەغریبی عادل شەیمیو لوبنانی یوسف محەمەد هیچ گرفتێکیان لە یانەی کۆلن نییە و ڕێگەیان پێدراوە وەکو سەربەستی کەسایەتی سەیرەدەکرێن، گوتەبێژی یانەی کۆڵن کریستۆفەر بۆلۆس دەڵێ: ماوەی چەندین ساڵە ئەم یاریزانانە ئەرکی مانگی ڕەمەزان بەجێ دەگەیەنین و ئاستی توانای جەستەیان گۆڕانکاری بەسەر نەهاتووە، بەڵکو باشتربووینە، لەلایەکی دیکەوە بەڕێوەبەری یانەی کۆلن مارکۆس ڕۆبرت دەڵێ:

کا پتنی یانە یوسف محەمەد دەتوانی هەندێ جار بەڕۆژ و نەبێت لەوانە کە سەفەری درێژمان دەبێت، ئێمە ڕۆژانی شەممە یاریمان لە دەرەوەیە و ماوەیەکی درێژ بە ئۆتۆمبێل دەڕۆین، یوسف دەبێ لەم ڕۆژە خواردن و خواردنەوە بخوات، وا بزانم ئەمەش لەئیسلام ڕێگە پێدراوە.

### مۆڵەتی ڕۆژوو شکاندن

ئەنجومەنی ناوەندی موسڵمانان لە ئەڵمانیاو دەستەی تۆپی پێی یاریزانە موسڵمانە پیشەگەرەکان لە خولی یانەکانی ئەڵمانیا وتی: مۆڵەتمان بە یاریزانەکان داوە لە مانگی رمەزان خواردن و خواردنەوە بخۆن، بەتایبەتی یاریزانە پیشەگەرەکان. ئێمەش ئەم ڕێنماییانەمان لە زانکۆی ئەزهەر لە قاهیرە و ئەنجومەنی ئەوروپا بۆ فتوادان پێگەیشتووە، سەرۆکی یانەی ئاس- فی- فرانکفۆڕت بیرند ریزیج خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەم بڕیارە نیشاندا و وتی: ئەمە شتێکی ڕاست و دروستە و دەبێتە هاندەرێك بۆ یاریزانان کەکاری وەرزشی خۆیان بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدەن و ئەرکی ئێمەش ئەوەیە دەبێ ڕێز لە ئایینی ئیسلام بگرین، لەلایەکی دیکەوە موفتی بەلگراد ڕێگەی بە محەمەد ئەوال عیسا دا کە لە یانەی رید ستار بلگاری یاری دەکات کە مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو نەبێت و خواردنێکی سووك بخوات لەکاتی یارییەکان، چونکە ڕۆژانی دیکە ئەم یاریزانە بە ڕۆژو دەبێت، عیسا پیاوێکی ئیماندارە جگە لە مانگی ڕەمەزانیش، هەندێ جار بەڕۆژوو دەبێت.





سەڵاح محەمەد کەریم



کاوە ئەحمەد ڕەشید

# بەسەرکردنەوەی چایخانەی

**لەجیهان بەگشتی و لەعێراق بەتایبەتی شوێنك هەیە وەرزشوانانی تێدا کۆ دەبنەوە و باس لەچالاکیە وەرزشییەکان دەکەن و جاروباریش گلەیی و گازاندە لەیەکتر دەکەن، ئەم شوێنەش لەکوردستان دەبینرێ و شاری سلێمانیش**




**سەرەتا بەڕێز سەڵاح محەمەد کەریم ئەندامی مەکتبی تەنفیزی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان سەبارەت بە بوونی ئەم شوێنە وتی:** ئەوەی من دەزانم لە هەموو جیهان هەیە نەوەك بەس لە عێراق و کوردستان، لەم شوێنە وەرزشکارەکان ڕۆژانی هەینی کە پشووە لێرەدا کۆ دەبنەوە و یەکتری دەبینن و باس لە چالاکییەکانی جیهانی و یارییەکانی خۆمان و هەروەها باس لە گیروگرفتەکانی ناوبژیوانان و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەکرێ، هەروەها باس لەکێشەی یانەکان دەکرێ، ئەم چایخانەیە دەتوانم بڵێم شوێنی سەرەکی کۆکردنەوەی وەرزشوانانە، جاری وا هەیە باسی شتی ئاوا دەکرێ لەیانەکانیش باس ناکرێت، گرنگییی دیکەی هەیە ئەوەیش ئاگادارکردنەوەی ناوبژیوانان دەکرێ لەکاتی کە ئەرکیان پێدەسپێردێت و هەر لێرەش کۆ دەبنەوە سەفەری شوێنی کارەکەیان دەکەن، لەم شوێنە یاریزانان و ناوبژیوانان و جەماوەری وەرزشی و وەرزشوانە دێرینەکان و یاریزانە پۆلیسەکان کۆدەبنەوەو باس لەکێشەکان دەکرێ ئەم یارییە ئاوا بوو ئەوی تریان وا بەڕێوەچوو و هەروەها باسی یانەکانی جیهانیش دەکرێ و باس لە بەرشە و ریال دەکرێ، ئینجا دەبێتە کێشەی هاندەران، بەڵام بە گیانێکی وەرزشی دەبێت، بۆیە دەڵێم ئەو چایخانە کاریگەرییەکی تەواوی هەیە بۆ کۆکردنەوەی وەرزشکارەکان و باسکردن لە کێشەکان و ماوەی لە زیاتر (٢٠) ساڵ دەبێ ئێمە لێرە کۆ دەبینەوە.

**پاشان بەڕێز کاوە ئەحمەد ڕەشید لێپرساوی دارایی یەکێتی تۆپی پێی سلێمانی لەمبارەیەوە وتی:** جێگەی خۆشحاڵیە ئەم شوێنەمان هەیە تیایدا کۆ دەبینەوە، گەر سەیری تەمەنی خۆم بکەم لە ساڵانی هەشتاکانەوە چایخانەی قشڵەمان هەبوو، ئێستاش ئەم دوو چایخانەمان هەیە، بەڵام گونجاو نییە، چونکە بچووکن، هەروەها وتیشی «گەر بمانەوێ بە دوای وەرزشکارێك بگەڕێین لێرە دەیدۆزینەوە، ئێمە لەکاتی خۆیدا داوامان لە حکومەت کردووە و لەکاتی هەڵبژاردنەکان بەڵێنیان پێداین کە بارەگایەکی خۆشمان بۆ بکەن بەناوی کافتریای وەرزشی، ئێستا شوێنێکی دیکەمان هەیە ئەویش وەرزشکاران لێی کۆ دەبنەوە، ئەویش چایخانەی (ماملێ)یە، بەڵام زیاتر لە هەردوو چایخانەی کاك محەمەد و کاك ڕەفیق کۆدەبنەوە، هەر چۆنێك بێت بۆ ئێمە زۆر باشە گەر ناوبژیوانێك ئەرکی هەبێت لێرەوە ئاگاداری دەکەینەوە».

**دواتر بەڕێز حەمید خالید ئەندامی یەکێتی و بەرپرسی دارایی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان وتی:** بەڕاستی شوێنکی ئاوا پێویستە بۆ کۆبوونەوەی وەرزشکاران، زۆر گرنگە ئێمەش وەکو ئەندازیاران و پزیشکان و هونەرمەندان حەز دەکەین شوێنی شیاومان هەبێت، وەرزشکارانی



حەمید خالید



ئیبراهیم قاسم

# وەرزشـوانـــانی سـلێمانی

**شـوێنێکی تێدایە کە چایخانەی مەولەوی پێ دەڵێـن و تەمەنی زیاتر لە (٢٥) ساڵە وەرزشوانانی ئەو شارە لەکاتی پشوودا سەردانی دەکەن ئێمەش بە باشمانزانی وەکو ستافی وەرزشی گوڵان ئەم راپۆرتە ئامادە بکەین.**



سلێمانی کە دێنە بازاڕ یەکسەر روو لەم شوێنە دەکەن، ئەویش بۆ بینینی برادەرکانیان. تا رادەیەك سوودی هەیە، بەڵام جار جارەش سوودەکەی بە خراپی دەگەڕێتەوە. هەروەها وتیشی بەڕاستی شوێنەکان بچووکن و رێکوپێك نیین. ئەوەش ماوە بڵێم ئەوانەی لە حکومەت کارەدەکەن ناتوانن رۆژانە سەردانی ئێرە بکەن، تەنیا رۆژانی هەینی و پشووی فەرمی دەتوانن بێنە ئێرە، بەڕاستی ئەم شوێنە گەر باشتر بکرێت تاموچێژێکی خۆشی دەبێ، لەم چایخانانە هەموو شتێك باس دەکرێت، ئەمەش شتێکی باش نییە، چونکە نابێت هەندی نهێنی هەیە لەم شوێنانە باس بکرێت، بۆیە داوا دەکەم کە شوێنی شیاومان بۆ بکەنەوە هەروەك چین و توێژەکانی دیکە پاکوخاوێن و خزمەتگوزاری هەبێت، زۆر جار ئێمە میوانانی خۆمان لەم شوێنە دەبینین، بۆیە دەبێ شوێنەکە باشتر بکرێ.

**دواتر بەڕێز ئیبراهیم قاسم ئەندامی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی عێراق وتی:** بەڕاستی کۆبوونەوەی وەرزشکاران لەم شوێنانە هیچ سوودێکی نییە و ئەوەی دێتە ئێرە خۆی بە وەرزشکار دادەنێ، بەڵام ئەمەش بە پێچەوانەیە، خەڵکانێك هەن قسەی وادەکەن زەرەری زیاترە بۆ وەرزش لە سوودەکەی و هەستی خەڵك بریندار دەکەن و باس لەیانە و یاریزانەکان دەکەن و برینداریان دەکەن، ئێستا بەخۆتان دەبینن مامۆستایان و وەرزشکاران لێرە وەستان و لەوشارە شوێنێك نییە تیایدا بحەسێنەوە ودوو قسەی بە سوودی لێ بکەن و راوێژ لە نێوانیان بکەن، ئەو چایخانەی ئێمە لێی دادەنیشین زۆر بچووکە درێژیەکەی ٢ مەتر و پانییەکەی یەك مەترە، بەڕاستی ئەوە شوێنی دانیشتن نییە، بەڵام ناچارین چی بکەین خەڵکەکە لەمبەر و ئەوبەر راوەستاوە باس لەوەرزش دەکەن، هەندی کەس وەکو جەماوەر دێت قسەی ناشیرین دەکەن و خەڵك بریندار دەکەن، وەکو خۆم ئەوە شتێکی باش نییە، بەڵام تەنیا بۆ یەکتر بینین باشە و هیچ سوودێکی دیکەی نییە، بەڕای من نەبوونی ئەم شوێنە باشترە لەبوونی».

**دواتر وەرزشوانی دێرین ئازاد حەمە شەریف وتی:** ئەم چایخانانە تایبەت نیینە بە وەرزشکاران و هەموو چین و توێژەکان سەردانی دەکەن، ئێمە هەموو هەینیەك یان رۆژانی پشوو لێرە کۆ دەبینەوە، ئەویش بۆ بەهێزکردنی نێوان وەرزشکاران، حەزم دەکرد شوێنێکی تایبەت هەبووایە بۆ وەرزشکاران کە لەم شوێنە باشتر بوایە، چونکە جاروبار ئێمە گفتوگۆ لەنێوان خۆمان دەکەین و حەز ناکەین خەڵکانی نا وەرزشی گێی لێبێت، جا پێشنیار دەکەم چایخانەیەکی تایبەت بە وەرزشکاران بکرێتەوە...